www.kurdistannet.org
17-10-2006 21:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کێ ناسنامەو هەستی نەتەوایەتیمان پێ دەبەخشێت و هەڵیدەسەنگێنێت؟!!! ... بارزان شوان



ناکرێت لە ڕۆژانێکی سەیری وەک ئەوڕۆماندا بڵێین کە گوایە پسوولەیەکی بە ڕەنگ کراوهەبێت کە لە ناوەڕۆکەکەیدا کەسانی نەتەوەپەرست و کەسانی خۆفرۆش و ویژدان فرۆش تیایدا لە یەکدی بە شێوەیەکی ئاشکرا جودا کرابێتنەوە، بەڵکو ئەو هەڵسەنگاندنە تەنها بە کردەوەو هەڵسوکەوتی مرۆڤ خۆیی و پەیوەندی بەو خاکەی کە لە باوەشیدا پەروەردە کراوە دەنرخێندرێت وە هەروەها ڕاشکاوانە خۆشەویستی خۆی بۆوولاتەکەی و نەتەوەکەی خۆی دەربخات و سەربەرزانەش داکۆکی لە هاولاتیەکانی بکات و هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی نەوەکانی خۆی بکات، هەمیشە خۆی بە یەکێک لە دڵسۆزترین ئەندامانی نەتەوەکەی بزانێت، نرخاندنی مرۆڤ بە دڵپاکی و ڕاستگۆیی و ئەمەکی ویژدانیەوە بەستراوەتەوە، هەوڵدانی تاکو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆ بە پراکتیزە کردنی بنەما دیموکراتیەکان و پێشکەوتنی وولاتەکەیان ئاڵۆزاوە بە ماندوو نەبوونی و نەزانی شەکەتیانەوە ڕووبەڕووی بە پێشکەوتنەوە لە گشت بوارەکاندا، نەتەوایەتی ئەو دەستکەوتانەیە کە خودی مرۆڤ لە وولاتەکەیدا وە دەستی دێنن وڕەنگدانەوەی ئەو کارە ڕەنگینانەیە کە دڵسۆزانی خاک و وولات بە گشت چینەکانەوە خزمەت بە میللەتەکەی خۆیان دەکەن و گەنج و لاوانیان بە ئارەزوەکانیان دەگەیەنن و ڕاشکاوانە و بە بێ هیچ بیرکردنەوەیەک لە دەسکەوتە ئابوریەکانی تاکە کەسیەوە وەک دیاریەک ڕووبەڕووی میللەتەکەی خۆیانی دەکەنەوەو لە سەر سینیەکی زێڕین پێشکەش بە وولاتەکەی خۆیانی دەکەن.

کوردایەتی بە پێی بەرنامەیەکی دابین کراو و نەخشە بۆ کێشراو فێر ناکرێت و بڵاو ناکرێتەوە، بەڵام بێ گومان کێش و نرخە بەهاکەو پایەکانی وەک پەرژین هەڵچنراون و پەست کراون بە دام و دەزگا حکومیەکان و بنکە زانستیەکان و قوتابخانەکانەوە، ئەم دەزگایانە دەتوانن بە قووڵایی بچنە نێو بنجو بناوانی ئەو پرسانەی کە پەیوەندیان بە نەتەوایەتی و نرخاندنی هەستی نەتەوایەتی و ویژدانی مرۆڤەوە هەبێت، بێگومان تەنها قوتابخانە نیە کە ئەو کارەی پێ سپێردرابێت کە لەوێوە ویژدان و کەسایەتی و لکاندنی هاولاتی بە نەتەوەوەو خاکەکەیەوە پێوەی بەسترابێتەوە، بەڵکو ئومێدمان ئەوەیە کە خوێندنگاکان بتوانن ئەو هەستە نەتەوایەتیەو ئەو پەیوەندیە گشتیە کۆمەڵایەتیە زیاتر پەرە پێ بدەن و بتوانن هەر لە منداڵیەوە هانی ئەو زارۆک و منداڵانە بدەن کە زیاتر هەست بە قوڵایی ئەو پەیوەندیانە بکەن کە هاولاتیان بە یەکەوە گرێدەدات و بە شێوەیەکی پەروەردەیی داڕێژکراویش وەک وانە خوێندنێکی کۆمەڵایەتی ئەو هەستە وون بوە نەتەوایەتیە بە شاگردانی قوتابخانەکانیان بگەیەنن، ئەو بەرنامەیەش بێگومان دەبێت بە پلە یەک وەک یەکێک لە وانە گرنگەکان بژمێردرێت.

ئەو ڕاسپاردانەی کە دامو دەزگا حکومیەکان و دەستورە نووسراوەکانی پەرلەمان وەک یاسایەک فەرمانمان پێ دەکەن و هاولاتیان تەنها لەسەریانە بێ کەمەکورتی بە ڕێوەیان بەرن، دەبێت ئەو بەجێهێنانە بە مەرجێک تاوتوێ بکرێن و جێ بە جێ بکرێن کە سەرکوتانە بەڕێوەبردنی فەرمانە دابینکراوەکان وەک یەک ڕەچاو بکرێن و بە یەک چاویش تەماشا بکرێن، نەوەک وەک ئەوە وا بێت کە تەنها پارێزی لە پاک و خاوێنی ماڵ و ئەو سەر شەقامانە بکەین کە تەنها خۆمانی تیایدا ژیان بە سەر دەبەین، کەچی لە هەمان کاتدا بەوپەڕی بێباکی و بیرکردنەوە هەستین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە

پیس کردنی شەقامەکانی دوور لە خۆمان و دەوروبەرمان، ئەویش لە بەر ئەوەیە کە گوایە پیسایەتی ئەو گەڕەکانە پەیوەندی بە کۆلان و بە سەر شەقامەکانی خۆمانەوەی هەر نیە، دەبێت ئێمە بگەینە ئەو باوەڕەی کە خاوێنی گشت وولات پا بەندە بە پاک و خاوێنی مالْ و کۆلانەکانمان.

گشتمان بە هیواین کە هەمیشە قوتابخانەکان سەر لە سبەینان و بەر لە دەستپێکردنی وانە خوێندنەکان گشت قوتابیان بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیەوە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکاندا دەست بە خوێندنی بکەن، لە هەمان کاتدا ئالای کوردوستان بلا بە سەر قوتابخانەکاندا بشەکێتەوە، جگە لەوانەش دەبێت وانەیەکی تایبەتیش هەبێت کە بەرپرسی چەقینی هەستی نەتەوایەتی و فێر کردنی ویژدانی مرۆڤایەتی قوتابیان بێت، دەمانەوێت گشت دامودەزگا حکومیەکان پێکرا هەستن بە بلاو کردنەوەی ئەو هەستە نەتەوایەتیە و هەست بە ئەرک و بەرپرسێتی نەوە نوێیەکانمان بکەن.

کوردایەتی زمانێکی دیالۆگیە و هەلْسوکەوتی هاولاتیانە بەرامبەر بە زەوی و خاکەکەیان، جگە لەوانەش ئامادە باشی جەماوەرە کە هەردەم ژیانی خۆیان لە پێناوی وولاتەکایان بەخت بکەن بە مەرجێک هیچ کامێکیشیان چاونواڕی پاداشت کردنەوە بن، بە مانایەکی ووردتر دەتونین بلێین کە خاکی کوردوستان هەمیشە خۆشەویستی لە نێو ویژدانی تاکەکانی خەلْکیدا دەڕوێنێت، دەبێت دامو دەزگا حکومیەکان بە گوڕ هاندەری ئەرکە نەتەوایەتیەکان بن و هەستن بە جێ بەجێ کردنی ئەو پێداویستیانە بکەن کە خەلْکی خوازیارین و بە ڕاستی پارێزی لە ڕێز و لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بە بێ فەرق و جودایی بکەن.

کوردایەتی ئەڤینێکی گرێدراوە لە نێوان هاولاتیان و پەیوەندیان بە خاکو خۆلی وولاتەکەیانەوە هەیە، بە بێ ئەوەی هیچ کەسێک بیر لە هۆزپەرەستی وتیرە گەڕیتی بکاتەوە، بەلْکو ئەو خۆشەویستیە هێندە گەورەو مەزنە کە دەتوانرێت بە درێژایی و پانایەتی وولاتەوە بە گشت سنوورەکانیەوە یەکسان بێت، کوردایەتی تەنها پسولەیەک نیە کە بخرێتە بەرگەوە، بەلْکو هەست و نەستی کردارێکی بەستراوە بە زەمانەوە و هەولْدانە بە گەیاندن و بنەچڕ کردنی دام و دەزگا و ڕژێمە بە ویژدانەکانەوە و قوولْبوونەوەی دادە کۆمەلایەتیەکانە کە مرۆڤ بە بەرزترین پلەکانی ژیان دەگەیەنێت و بەستراونەتەوە بە خاک و وولات و هاولاتیانەوە، کوردایەتی و خۆشویستی وولات وەک نەمامێک وایە کە بە کاوە خۆ بەرز دەبێتەوەو بۆ حەوانەوەی هاولاتیان سێبەر درووست دەکات، ئەویش بە مەرجێک بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی پادشت کردنەوە بێت، بە هەمان شێوە مرۆڤیش هەمیشە دەبێت بە کردەوە هاندەر و دەستپێشخەری داهات و بنیات نان بێت، بە بێ ئەوەی لە وولاتەکەی چاوەڕوانی سوپاس گوزاری بێت، چونکە هەر ئەو خاکەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی پلەوپایەی هاولاتیانی بەرەو ئاسمانێکی گەشتر بگەیەنێت.

کەواتە ئێمە ئەورۆ دووچاری گەڕانەوەی هێماو هەیبەتی هەستی کوردایەتین، دەبێت دووبارە ئەو مانا بەرزە لە چوارچێوەیەکی نوێدا داڕێژ بکەینەوە کە خۆی لە خۆیدا قەتیس ناوە لە نێو ویژدانی تاکەکانی جەماوەرەوە، بایەخدان بە پەروەردەو ڕۆشنبیری و پێشکەوتن دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خۆشی ڕێژەی ژیانی خەلْکی، تا ڕۆژێک وای لێدێت کە هەر کەسێک بە دلْەخورپێ بتوانێت بگاتە ئەو باوەڕەی کە وولاتەکەیان دەتوانێت گشت ئومێد و خەوەکانی جەماوەر بە ئەنجام بگەیەنێت، نەتەوایەتی پسولەیەکی بە نرخی قوولْە کە دەتوانێت پێداویستیەکانی هاولاتیان بە ئەنجام بگەیەنێت وەک ئەستێرەیەکی گەش بە گشت گەلانی جیهانی بناسێنێت و بە هیواو خواستو ئومێدی نەگەیشتووی گەلانی ژێر دەست بژمێردرێت، گەیشتن بەو ئارمانجە پڕ شکۆیانە نەک تەنها بە بلاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بێ هودە یاخود بە نووسینێکی ناڕاستی سەر بە دەزگا دەسەلاتەکانەوە دەبێت، بێگومان هەرگەلێک بە هیوای گەیشتنی ئەو ڕۆژەیە کە دەتوانێت تیایدا بگاتە وەچنگ هێنانی ئارمانجە

شاردراوەكانی، بەڵام ئەو ئومێدانە خوازیاری ئەرک و کارێکی بێ ووچانن لە لایەن گشت چین و توێژەکانی میللەتەوە.

گەیشتن بەو مەرامە ڕەونەقدارانە پێویستی بە قوڵ و بازووی گشت جەماوەرەو دامو دەزگا حکومیەکانەوە هەیە هەر یەکە بە پێی ئەو ئەرکەی بۆی دابین کراوە، یەک لەودەزگایانە بێگومان وەزارەتی پەروەردەیە کە بە خۆی تێکەڵە بە توانای قوتابخانەوەو بە بنیات نانی پەروەردەیەکی شیاو کە لە گەڵ زانستە گشتیەکانی جیهانی ئەمڕۆماندا بگونجێت، وە هەروەها وەک زنجیرێک بەستراوەتەوە بە توانای خەستەخانەکان و بە چارەسەرکردنی نەخۆشیە بە ئازار و دەردو دادەکانی نەخۆشانەوە، هەروەها گرێدراوە بە ئارامی ئەو ڕێگایەی کە بەرەو ماڵەوە دەمانگەیەنێتەوە، بێگومان لکاوە بەو دانیشگایەی کە دەتوانێت لە پاشەڕۆژدا کار بۆ دەرچووەکانی بدۆزێتەوە، پابەندە بەو بەڕێوەبەرەی کە بە ویژدانەوە پلەوپایەی گشت کارمەندەکانی بە یەک چاو دەنواڕێت و بەرزدەکاتەوە، گرێدراوە بەو ڕێگا بەرینەی کە درووست دەکرێت بۆ وەدیهێنانی دیالۆگێکی سەر بە شارستانیەتی ئەو سەدەیەمان کە بتوانێت گشت پارت و ڕێکخراوە جەماوەریەکان بگەیەنێت بەو هیوایەی کە هەر هەموویان بۆی کۆشش دەکەن و بە یەک دەنگیش لە داهاتودا بۆ گشت هاوڵاتیان کار دەکەن، کوردایەتی ئاوازێکی خۆش و دڵگیرە کە تەنها بەخۆمان دەتوانین ئەو ئاوازە بە شێوەیەکی ڕەنگین بهۆنینەوە و وەک کاردانەوەیەکیش بێت بۆ پێشخستنی وولاتەکەمان، ئەگەر ئاوازەکەش ناخۆش و بێ تام و چێژ بێت ئەوا دەتوانێت ببێت بە بارینی ئێش و ئازارێکی وەها زۆر کە تا ماوین بیرمان نەچێتەوە، ئەو کات ترس لەوەدایە کە وەک بۆقێکی داماومان لێ بێت کە لە گۆماوێکی قوڵدا بخولێینەوەو هەمیشە قیڕین پیشەمان بێت و سەوزایی سەر زەویش مەگەر بە خەو جارێکی تر ببینینەوە.

سوید
28-09-2006
uvnbas@hotmail. com